باراک دەستخۆشی لە هەرێم دەکات بۆ ئامادەیی دەربڕینی بۆ هاوکاریکردنی حکومەتی فیدراڵ

حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردووەتەوە و تێدا ئاماژەی داوە، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و نێردەی تایبەتی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ بۆ سووریا و باڵیۆزی ئەمەریکا لە تورکیا بە تەلەفۆن قسەیان کردووە و هەر دووکیان جەختیان لە پەرەپێدانی هاریکاری و هاوئاهەنگیی لە پێناو ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکەدا کردەوە.

ئێوارەی ئەمڕۆ سێشەممە 17ـی ئاداری 2026، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی لە باڵیۆز تۆم بەڕاک نێردەی تایبەتی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ بۆ سووریا و باڵیۆزی ئەمەریکا لە تورکیا پێگەیشت.

لە پەیوەندییەکەدا گفتوگۆ لەبارەی باردۆخی گشتیی هەرێمی کوردستان عێراق و ناوچەکە کرا.

باڵیۆز تۆم بەڕاک، سڵاو و ڕێزی سەرۆک دۆناڵد ترەمپی بۆ سەرۆکی حکوومەت گەیاند و دەستخۆشی لە سەرۆکی حکوومەت کرد بۆ ئامادەیی دەربڕینی بۆ هاوکاریکردنی حکومەتی فیدراڵ لە پێناو هەناردەکردنی

نەوت لە رێگەی تورکیا.

سەرۆکی حکوومەت ئاماژەی بەوە دا کە گفتوگۆکان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ بەردەوامە و تیمی هەرێمی کوردستانیشی راسپاردووە کە ئاسانکاری بۆ هەناردەکردنی نەوت بکرێت لە پێناو بەرژەوەندی خەڵک لەم دۆخە سەختەدا.

سەرۆکی حکوومەت گوتیشی ئەوەی پێویست بێت لەمبارەیەوە بە بەرژەوەندی گشتی دەیکەین و داواشی لە ئەمەریکا کرد کە بەردەوام بێت لە رۆڵی چاودێرانی خۆی لە دانوستانەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لەبارەی پرسی گومرگ و ئابلوقەی بازرگانی.

هەردوولا جەختیان لە پەرەپێدانی هاریکاری و هاوئاهەنگیی بەردەوامی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا لە پێناو ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکەدا کردەوە.